## پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

### تـراوما ... ئەنوەر موحەممەد ئەحمەد

ـ دەزانیت کە من چی بووم، لاوۆ. . ؟
ـ نەخێر، جەنابی « بێرت ».
دوای ملّچە ملّچێکی زۆر و بێدەنگیەکی کورت، دەڵێت:
ـ چەند دەرزەن لاوی وەکو تۆ، لە ژێر فەرمانمدا بوون.
پیترۆییێڤ ـ ئەها ـ یەکی درێژ دەکات و سەر دەلەقێنێت. دەنگی پیرە دێتەوە:
ـ کە دەمنەڕاند، باڵندەکانی بان دار و دەوەن و مەزراکانی ئەو ناوە، دەسڵەمینەوە و هەڵدەفرین. . دیار بوو کە ئەوانیش لێمان دەترسان. . . بیسترۆ. . . بیسترۆ. . ـ1ـ
ـ ئە. . . ها. .
سەریش دەخاتە بناگوێی پیرەوە و پێیدەڵێت:
ـ جا لەو باوەڕەیدان، جەنابی « بێرت »!
ئەوجا لە ناخیشەوە پێیدەڵێت:
« ئێستایش ئەگەر کەسێکت لا نەبێت، ئەوا، وەچەی ئەو باڵندانە بە سەر و گوێلاکتەوە هەڵدەنیشنەوە. هێندەیش بێدەستەلاتیت، ناتوانیت کشەیان لێبکەیت. دیارە کە ئەوانیش لە گوزەرانی ئێستاکەت بە ئاگان، بۆیە لێت ناسڵەمێنەوە و ناشترسن. . . »
دەنگی پیرە دێتەوە:
ـ لاوۆ. . وتم چی. . ؟
ئەویش سەر دەخاتە بناگوێی:
ـ وتت کە گوایە تۆیش « فورەرۆلکە» ـ 2 ـ یەک بوویت!
ـ جا ئەمە من دەیلێم یان تۆ؟
ـ هممم. . جەنابت.
پیترۆییێڤ لە سەر تولە ڕێگاکە، پاڵ بە گاری پەککەوتەکەی جەنابی « بێرت » ەوە دەنێت. «بێرت » یش، هەروەکوو یەکەمجاری بێت چاو بە سروشتدا هەڵبێنێت، بە سەرنج و گرنگییەوە، بە دەووروپشتی خۆیدا هەڵدەڕوانێت. جارجارەیش مل وەردەسووڕێنێت و لەژێر لێوەوە وورتە وورتێک دەکات. بەلأم پیترۆییێڤ نە دەیبیستێت و نە لێشی تێدەگات. تەنانەت گرنگیشی بۆ لێتێگەیشتن نییە. تەنیا وتنەوە و چەند پاتە کردنەوەی وشەی بیسترۆ. . بیسترۆ، لە لایەن جەنابی « بێرت » ەوە، نیگەرانی دەکات و بۆ ساتێک نێوچاوانی گرژ دیبێت. لە بەرامبەریانەوە، گارییەکی دی پەککەوتە دێت کە خورتێکی لە تەمەنی پیترۆیێڤدا، لە پشتیەوە پاڵی پێوە دەنێت. تەنیا پیترۆییێڤ و خورتەکە، پێکەنینە سلاوێک بە ڕووی یەکدا دەکە ن وئیدی، ووردە ووردە لێک دووردەکەونەوە.
دەنگی پیرە دەبیسترێتەوە:
ـ ئەگەر هەتا ئێستاکە، ئەو جێگری ـ عەریف ـ جەنابی « ڕۆیەر» ە، لە سوپادا بمایەتەوە، بێشک دەبووە جەنێراڵ. . تۆ چیدەڵّێیت. . لاوۆ. . ؟
پیترۆییێڤ چاک دەزانێت کە چ پێویست بە وەلأمدانەوەی درێژی، ئەوجۆرە کەسانەی، گیرۆدەی دەردی ـ مۆڵتیپلێیسکلۆرۆزا ـ (3) و شایەد ـ ئاڵتسهایم ـ (4) ن ناکات. بەلأم نەشدەکرا کە ڕێگە بە دیکتاتۆری سانسۆری ناخی بدات و بەر لە بۆچوون وڕاکانی خۆی بگرێت. ئەو لەو باوەڕەیدابوو ؛ ئەو مرۆڤەی لە ژیانی ڕابردوویدا، زۆرتر چەوسابێتەوە ؛ زۆرتریش چێژ لە ئازادییەکان وەردەگرێت!. ئەگەرچیش جارجارە و بە پێی هەلومەرج، هیچ نەوتنی لە بریتی وەلأمدانەوە بە پەسەند تر دەزانی، بەلأم هەر ئەم هەڵوێستەی، نەخۆشەکان تووشی تووڕەیی و هێستریا دەکات کە گوایە بێنرخ لێیان دەڕوانێت!. بۆیە سەری دادەنەوێنێت و بە ئاسپایی دەڵێت:

ـ من نازانم کە ئەو بەڕێزەی بە لاماندا تێپەڕی، ناوی ـ ڕۆیەر ـ و جێگری ـ عەریف! ـ بووبێت یان نا، بەڵام لەوەی یەقینم، خۆ ئەگەر هەتا ئەم سەردەمە جەنگ هەبووایە، ئەوا نیوەی مرۆڤایەتی قڕ دەبوو. کە شایەد ئیدی قەیرانی هەبوونی گەنجی بە توانا دەبوو، بۆ پاڵنانی گاری پەککەوتەکان، ڕاژەکردنی بێتوانا و سەقەتەکان. جەنابی ـ بێرت ـ ؛ با هەموومان جەنگ بە نەفرەت بکەین و لە فەرهەنگی زمانیشدا نەمێنێت. گەشبینانەیش، بەرەو پێش بڕوانین. . .
ـ بەرەو کوێ؟!. . بەرەو کوێم دەبەیت؟ خۆ لە بەرەوە نێزیک نین. . ؟!
وشەی ـ بەرە ـ مووچڕکە بە ناخ و لەشی ـ پێترۆییێڤ ـ دا دەهێنێت. چونکەی هەر لە بەرەی شەڕدا بوو، بەها مرۆییەکانی لە دەستدا و شەلیش بوو. هەر ئاکامی بەرە و بەرەکانی تری ژیان بوون ئەمیان گەیاندە ئێرەکانە. ملی خوار دەکاتەوە و بە دەنگێکی کپ و خەمبار دەڵێت:
ـ جەنابی ـ بێرت ـ بەرەی چی؟
ئیدی پاشکۆی ئەو قسانەی کە دەبوو بۆ ـ بێرت ـ ی بکردبایە، لە ناخیەوە شەن و کەو کرد.
« ئەمڕۆکە بەرەی جەنگی ڕابردوو، مانای نوێتری لە خۆ گرتووە! بە سەدان و هەزاران بەرە لە گۆڕەپانی ژیاندا هەن. نەک تەنیا لە گۆڕەپانی ژیاندا، بەڵکوم لە ناخی مرۆڤەکانیشدا.»
ئەوجا بۆ خۆ ئارامکردنەوە، سەر دادەنەوێنێتەوە:
ـ لای دەستی ڕاستمان، دار و گرد، پاش ئەو گردەیش، جادە سەرەکیەکەیە. ئەملایشمان. . جەنابی ـ بێرت ـ گۆڕستانەکەمانە. . !
ـ گۆڕستانەکەمان. . ؟! وتت گۆڕستانەکەمان. . ؟! بۆچ ئێمە مردووین یان زیندوو. . ؟!
ـ ئاخ. . جەنابی ـ بێرت ـ مەبەست لە گۆڕستانەکەمان ئەوەیە، کە جارجارە پێیدا دەگەڕێین و سەرنج لە گۆڕ، گوڵ، گڵۆپ و چراکان دەدەین.
ـ بێرت ـ بە دەستی گۆچانەکەی، ئاماژە بەرەو گۆڕستانەکە دەکات. ـ پێترۆییێڤ ـ یش، لە مەبەستی تێدەگات و بە دەروازە گەورە کراوەکەدا دەچنە ناوەوە. ئێوارەکە کش و مات و بۆنساردێک دێت!. شایەد ئێوارەکە، لێرەکانەدا کش و ماتە، نەک لە جێگای دی. چرای سەر چەندین گۆڕ، سوور سوور دەدرەوشێنەوە و گەرمییەک بە ڕۆح دەگەیەنن!. چاوە شینە کوژەکەییەکانی پێترۆییێڤ، بە سەر گۆڕ، گوڵ، گڵۆپ و چرا سوور شەوقەکاندا دەگەڕێن. هەتا سەرنجی دەگاتەوە سەر، نیوە ڕووخساری ـ بێرت ـ و لیکەکەی بە لالغاوەیدا شۆڕ بۆتەوە. ڕووخساری گرژ دەبێت و بە قێزەونیەوە تێیدەڕوانێت. خۆبەخۆیش دەستەسرێکی کاخەز دەردەهێنێت و بە سووکی لیکەکەی دەسرێت. هەر خێرایش دەستەسرەکە فڕێدەداتە ناو سەتڵێکی تەختەی ڕۆخی ڕێگاکە. دەنگی پیرە دەبیسترێتەوە:
ـ ئای. . ! بە پیری بڵێیت هەر شتێک بووم. . بە خلافوت دەزانن، وا نییە. . لاوۆ. . ؟!
ـ جەنابی ـ بێرت ـ خۆ ئەگەر گەنجێکیش حەز و ئارەزووەکانی، بەهیوا بخوازێت. . هەر دەبێتە جێی تانە و تەشەر!
ئەوجا لە ناخیەوە دەورتێنێت: « ئەگەر مرۆڤەکان بیانتوانیبایە، ئەوا ڕێیان لە خەونەکانی یەکتریش دەگرت. بەڵام دیارە کە جیهانی خەونەکان، زۆر لە جیهانەکەی ژیان، گەورە و بەرفراوان و قوڵترە. . ! » دەنگی پیرە دەبیسترێتەوە:
ـ مەگەر. . هۆ ئەوە. . گۆڕی نووسەر و هەڵبەستەوانی هاوڕێم نییە. . ؟!
ـ کامە. . جەنابی ـ بێرت ـ؟
کە ئەو بە گۆچانەکەی، ئاماژە بۆ دوور دەکات، ـ پێترۆییێڤ ـ یش دەڵێت:
ـ نازانم. لەم دوورەیشەوە، نووسینی بان کێلەکانم بۆ ناخوێندرێتەوە. یەکەمجاریشە بزانم کە جەنابیشتان لە جوغزی ڕۆشنبیراندا بووبن. .
پێترۆییێڤ باش دەزانێت کە ئەمجۆرە مرۆڤانە، لە هەزاران ئاش دەدەن و لە چرکە و خولەکدا، قەڵەمباز بە باسەکانیان دەدەن. جارجارەیش بڕێک ڕستەی تەوا و مانادار دەبزرکێنن، کە ئیدی مرۆڤ لە گرفتاربوونیان بە ـ دەردی لەبیرچوونەوە ـ وە، دەکەوێتە شکەوە. بەوەی کە پێترۆییێڤ لە کۆمەڵگا و کولتوورێکی، جیاوازتر لێرە پەروەردە بووە، بۆیە لە هاوکارە ئەڵمانیەکانی زۆتر، پەیوەندی مرۆیی لە تەک نەخۆشەکاندا هەیە و گرنگیان پێدەدات. لە کن ئە کات زۆر بە خێرایی

دەڕوات. دیارە بۆیەش بە خێرایی دەڕوات، چونکەی حەز و هیوا و ئاواتەکانی، لە ژماردن نایەن!. ئەو لەو باوەڕەیدایە ؛ مرۆڤ هەر لە بوون و سروشتیەوە گەشبینە و لە دوور و دوور تر دەڕوانێت. هەر ئەو ئاکارە فەلسەفیەشە، لە گەڵ سەختترین گرفت و تەنگ و چەڵەمەدا، درێژە بە ژیان دەدات!. بۆیە دەبێت، ئەگەر بە هەموو ئاوات و هیواکانیشی نەبێت، بە زۆربەیاندا ڕابگات!. ئەو لە بۆچوونی میتافیزیکیانەوە ؛ چۆن دایک و باب، هەست بە ئازار و ژانی نەوەکانیان دەکەن!، دەیویست بە خۆی بسەلمێنێت کە هەست بە ئازار و ژانی نەخۆشەکان دەکات!. بۆیە گرنگی بە کارەکەی دەدات. تەنانەت جارجارەیش دەووری نەخۆشێک دەبینێت. لە ساتێکدا، لە سەر گارییەکی پەککەوتەکان دادەنیشێت و بە تکای خۆی، هاوکارێکی لە دواوە پاڵی پێوە دەنێت، دەکەوێتە یادی ڕابردوو. ئەو کاتەی دوو دانە ساڵ، بە هاوکاری دارشەقێک بەڕێوە دەچوو. ئەگەر چی ئاواتی بەوە دەخواست کە خۆزگای ئەمیش، لە ڕابردوودا گارییەکی ئاوهای هەبووایە، بەڵام هەر خۆیشی دەیوت ؛ مەگەر ڕێگاو بانەکانی شارۆچکەکەی ئەم لە وڵات، بۆ وەها گارییەک شیاو و لەبار بوون؟!. هەر لەسەر ئەم لەناو گاری دانیشتن و خۆ بە پیر و پەککەوتە و نەخۆش نیشاندانە، لە لایەن هاوکارەکانییەوە ڕەخنەی لێدەگیرێ و سەرزەنشت دەکرێت. ڕۆژێک، هاوکارێکی سەرساف و تۆکمەی ئەڵمانی، بە تووڕەیی پێیدەڵێت:

« پێترۆیێڤ، ئایا هەموو کوپەکان لە نێو دۆڵابەکەتدان. . ؟! » (5) . ئەویش بە بزەیەکەوە و بە بۆچوونی فەلسەفیەوە، وەڵامی دەداتەوە:

« دەبێت مەشق بکەین و خۆمان بۆ ئەم گوزەرانە ئامادە بکەین!. ئەمرۆکە لە نەوەی دوێنێیە. . سبەینێ لە نەوەی ئەمرۆکە!. هاوڕێیان، کات مشارێکی لەسەر خۆیە و هێدی هێدی بوونمان دەبڕێتەوە! » جارێکیش لە لایەن بەرپرسانەوە گلەیی لێکرا و ئاگاداریش کرایەوە! کە ئەم کارەی تۆ، سووکایەتی و گاڵتەکردنە بە پەککەوتەکان. . . . خۆ ئەگەر جەنابی ـ بێرت ـ (با!) یەکی بەهێزی لێبەرنەبووایەتەوە، ئەوا هیچ ئاشکرا نەبوو، باڵندەی خەیاڵی پێترۆیێڤ بەرەو چ لایەکی دیکەی، ئاسمانی بیرەوەرییەکانی هەڵدەفڕێت. بۆیە کە دێتەوە سەر خۆی، ملی خوار دەکاتەوە و دەپرسێت:

ـ جەنابی ـ بێرت ـ خەوتوویت. . ؟

ـ نەخێر. . لاوۆ. . خەوتنی چی. . ؟ پیر و خەوتن. . ؟! دەقێکم بۆ هاوڕێ نووسەرەکەم دەخوێندەوە. . !!

ـ ئەی ڕا و بۆچوونەکانی ئەو چین. . ؟!

ـ یان بەدڵێتی و یانیش نا. . خۆ ئەو هەر بێدەنگە. . بەڵام خۆشبەختانە، هێشتاکە کۆتایی بە چیرۆکەکەم نەهاتووە. . ! خۆیشم پاڵەوانی ناو چیرۆکەکەم. بۆیە هەتا بمێنم، چیرۆکەکەیش درێژی دەبێت. . ! کە نەیشمام. . .

ـ ئاخ. . جەنابی ـ بێرت ـ هێشتاکە زۆرتان بە بەرەوە ماوە. ئێوە هێندە پیر نین و تەنیا بڕێک ناساغن. . ! مەگەر گۆرانیبێژ « ئودۆ یۆرگن » (6) لە خۆڕا دەڵێت: بە 66 ساڵی ژیان دەست پێدەکات. . ؟!

ـ ئاخ. . قسەی قۆڕ و لە تێری وتن. . ماکی کۆتایی لە یزدانی لەدایکبووندایە. . !

پێترۆیێڤ بەدەم وتنەوەی ئەو سترانەوە، گارییەکە بەرەو دەروازە گەورەکە و دەرەوە وەردەگێڕێت. هەردووکیان ماوەیەک بێدەنگ دەبن. تەنیا خرمەی وورده زیخی ژێر تایە و پێیەکانیان دێت. ـ بێرت ـ بە دەستی ئاماژە دەکات کە پێترۆیێڤ سەری بێنێتە پەنای گوێیی. ئەوجا بە قورسیەوە دەڵێت:

ـ لاوۆ. . هەتا نهاکەیش. . سەرمای وڵاتەکەت لە مۆخ و گیانمدایە. . ! بیسترۆ. . بیسترۆ. . سەرمای نەفرەتی وڵاتەکەت. . . بیس. . ترۆ. . . بی. . س. . ت. . ر. . ۆ. . !!

خورپە بە دڵی ـ پێترۆیێڤ ـ دا دێت. خەمبار دەبێت و پیشدەخواتەوە. خەمباری و پیشخواردنەوەکەی ئاوێتە دەبن و دەبنە ڕق!. لە ناخەوە گەرم داهاتووە و دەکوڵێت. هاکا ئاگری تۆڵەی بەسەر ـ بێرت ـ دا ڕژاند!. پاڵێکی توند بە گارییەکەوە بنێت و لە گۆمەکەی ئەولاترەوە نوقمی بکات. بەڵام پێویستبوونی مانەوە و درێژە بە ژیاندان، وەکو بارانێک، گروگەرمیی ناخی سارد و کپ دەکاتەوە. هەڵمی ناخی هەڵقرچاوی دەبنە وشە:

« ئاخ مرۆڤ!. ئاخ وشە!. بریا مرۆڤ لە سروشتەوە لاڵ دەبوو!. ئەگەر مرۆڤ لاڵ بووایە، هەڵس و کەوتمان لەتەک یەکتردا چۆن دەبوو؟! بۆچ بە وشەی خەنجەرئاسایی ناخم هەنجن هەنجن دەکەیت. . ؟ منیش سەرما و گەرمای ئەفغانستان. . . جەنابی ـ بێرت ـ. . سەرما و گەرمای نەفرەتی ئەفغانستان، هێشتاکەیش لە مۆخ و ئێسقان و ڕۆحم دایە. . پارچە گۆشتی لەشی من ئێستاکەیش، یان لەبەر گەرمای دۆزەخ ئاسای ئەوێکانەدا هەڵدەقرچێت. . یانیش لە تاو سەرمای خوێنبەستەی ئەوێکانەدا هەڵدەلەرزێت. . لە ئەفغانستان. . ئە. . ڤ. . غ. . ا. . ن. . س. . ت. . ا. . ن. . . . . . . !!
پێدەچێت کە پێترۆییێڤ، دوور لە (خانووی پەککەوتەکان) و لە ناو پێخەف و ژوورەکەی خۆیدا، جەنابی ـ بێرت ـ یش، لە (خانووی پەککەوتەکان) و لە ناو پێخەف و ژوورەکەی خۆیدا، لەو خەونە هاوبەشیە، بە ئاگا بووبێتنەوە!.

ژێردەرەکان
(1) وشەکە ڕوسیە و بە مانای خێرا دێت.
(2) بە ئەڵمانی واتا سەرۆک و بە هیتلەر دەوترا.
(3) گرفتاری مێشک و لەبیرچوونەوە.
(4) پاش تەمەنی پەنجا ساڵی، ترسی نیشانە دەرکەوتن و بەرە بەرە تووشبوونی لێدەکرێت!.
(5) واتا ؛ هۆشت لە جێی خۆیدایە و شێت نیت؟.
(6) سترانبێژێکی بەناو و دەنگی ئەڵمانیە.